
مانیفستی فەلسەفی ئەقلانی
و
هەرەسی فەلسەفەی باو

نوسینی
م. گۆران

چاپی یەکەم

2021



Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

مانیفستی فەلسەفەی نەقلانی و هەردسی فەلسەفەی باو

*بابەت: فەلسەفی

*نوسینی: م. گۆران

*نەخشەسازی: دانەر

*تیراژ: 1000 دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی
سپاردنی (526)ی سالی (2021)ی پێدراوە.

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بەر باس

هەر کەسێ بەوردی سەرنجی مێژووی کورد بدات هەمیشە خانەخوێی بووە و ئەوجا میوانەکانی بۆ خوشی و سەردان هاتبن یاخود بەبێ پرس و زۆرەملێ بووبێ.

گۆتەیەکی جیهانی هەیە دەڵێ پشت بە کەس مەبەستە بۆ ئەوەی بەر نەبیتەوە، ئەوە لەناو کلتووری کوردیش هەیە و بەهێزە، وەک دیارە ئەوەی بایەخی پێنەدابێ کورد بووە لەم گوێیەی هاتووە و لەو گوێی دەرچووە، ئەوەی تێکەل بە کانزاکەی کورد بووە ئومێدە ئەوەش بووتە هۆی سڕکردنی عەقڵی کورد، ژیان لەسەر ئومێد و هیوا دروست ناکرێ و ژیان هیچ کاتێک

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

خاووخلیچک قەبوول ناکات. ئەو کلتووره سەقەتەی کورد بەرهەمی دەرەوەی کوردە و خزاوەتە ناو هەناوی کورد و ئیفلیجی کردووە، ئەوە دووبارە دەکەمەوە شارستانی و ژیانی شایستە تەنیا بە ئیرادە دێتەدی، هەر کەس و گەلێک ئیرادەی نەبێت یاخود بە هیواوە بگوزەرێنی هەرگیز ئایندە نابانتەوە و بەشی هەر دۆڕان و سەرەنگرێ بوون دەبێ، لەگەل هەر مرۆڤێکی کورد قسە بکەی بۆ هەر کارێک پێت دەڵێ ئیشالا، بیکات هەر ئیشاللایە و نەیکات هەر ئیشاللایە، ئەوە نیشانەی مرۆڤی فاشلە و بەر چاوی رووناکیە و خاوەن ئیرادەش نیە، هەتا ناتوانی بەرامبەرەکەشی

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

دڵخۆش و ئاسوودە بکات و دڵنیایی ببەخشێ.

ئەوە یەک لە نەخۆشیە عەقڵیەکانی کوردە و مۆرکێکی سەرەتانیە و پێویستی بە نەشتەرگەرییەکی گەورە هەیە. هەر یەک بە ئیشاللا وەڵامی دایتەوە نازانی ئەو کەسە درۆ دەکات یا راست.

تەنیا پرسیارێک کورد چۆن بە عەقڵێکی سەقەت و نەخۆش و شکاوە و بێ ئیرادە دەتوانێ رووبەڕووی دووژمن بێتەوە،!!؟؟ ئەوە حاڵی کورد بووە و هەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

کورد دەبێ ئەوە فێربێ پێش بای باران کەپر دروست کات و رەشماڵەکەی هەڵدا، سەیرکەن هەتا جۆلەکەکانیش کە دەزانن ئەو بایە بارانی پێیە خۆیان

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

دەشارنەوە لە ناو هێڵانە و کون و بن ساپیتەکاندا، دەبێ چۆڵەکە لە مرۆڤی کورد عاقڵتر نەبێ!!؟ تا ئێستا نەم زانیوە مرۆڤی کورد کتێب و شت بخوێنێتەوە باسی فیکر و کێشە فیکریەکانی بۆ بکەیت گوێچکەی دادەخا، باسی کار و فەرمان و ئەرکەکانی بۆ بکەی گەراویشکی دێتێ و باسی خواردنی خۆشیشی بۆ بکەی هەستی خۆی رادەگرێ و لیکاوی دیتە خوارەوە.

ئەرستۆ پێش دوو هەزار و سێ سەد بەر لە ئێستا گووتی مرۆڤ خۆت بناسە، ئەوانەی تێگەیشت ئێستا لە بنیات نانی لووتکەی شارستانیەتن لە جیهاندا کەچی ئێستا دەبێ بڵێن (کورد خۆت بناسە!!؟؟)، کورد هەر چەند بە شان و

باڵی خۆیدا هەڵبدا، مادام بەرهەمی نیە و تەنیا نمایش کردنێکی درۆزنانەیە و هیچی تر نیە، دەڵێن ئەسپی ڕەسەن بە جوانی زینەکەی نیە.

ئەو بارودۆخەی کورد نابێ داخی بۆ هەڵکێشی چونکە ڕەنگدانەوەی واقیعەکەیە بەڵکو دەبێ ڕێگا چارەی بۆ بدۆزرێتەوە و نەک بە هیوا چونکە پێویستی بە ئیرادەیەکی تۆکمە هەیە، قسەیەکی دیکە هەیە دەق لەگەڵ بارودۆخی کورد دەگونجێ ئەویش هەر کەسێ لەسەر خەون بژی هەمیشە نووستوە یاخو دەڵێن داری بریا سەوزنابێ، گەلی کوردستان هێشتا گەلێکی خورافیە و دەنا چۆن وا ئاسانی دەستەمۆ دەکرێ و دەچێتە ژێر باڵی